ئەم سێ شعرانەی خارۆ کە لە نێوان ساڵانی 1958 و 1963 دا نووسراون وەك نموونە کەوتنە بەردەستمان و ئەتوانین وەك پێشەنگێك لە شعرەکانی شەقڵاوە تەماشای کەین.
دیارە خارۆ ئەندامێکی چالاکی حزبی شیوعی عێراق بووە و ئەم شعرانەشی بۆ روونکردنەوەی سیاسەتی حزب و کۆکردنەوەی جەماوەر نووسیوون وەك کاك ( حوسێن زەخۆك ) لە یادەوەرەیەکەیدا باسی ئەکات و ( ئەڵێ خارۆ کادیرێکی جەماوەری چالاك و دیار بوو دێ بە دێ دەسوڕایەوە کە هەڕشتەی دروست ئەکرد و مەقەسی تیژ دەکردنەوە بە بیانووی ئەم کارە سیاسەتی حزبی بۆ خەڵك روون دەکردەوە و بە قسە خۆشەکانی جەماوەری لە دەوری خۆی کۆ دەکردوە هۆنراوەی بە جۆشی نیشتمانی بۆ دەخوێندنەوە)
دیاریشە شعرەکانی خارۆ وێنەیەکی تەواو ئاشکرای تێکەڵبوونی شعر و سیاسەتە لەو سەردەمەدا و لەسەر زاری ئەو کادیرە حزبییەوە شعر بۆتە ئامرازی گەیاندنی مەرامە سیاسی و شۆرشگێرییەکانی حزب.